# دروست بوونی بەرەیەکی سیاسی نوێ بۆ ڕزگارکردنی
# عێراق لەسەرحسابی کوردستانە

هەورامان علی تۆفیق
Berzi-san@web.de



دوای ئەوەی کە ڕۆژی یەک شەممەی پێشوو ڕاگەیاندراوێک سەبارەت بە بیرۆکەی دروست بوونی هاوپەیمانیەکی نوێ ی سیاسی لە سەرئاستی عێراقی بۆ دەربازبوون لەو گرفت و گێژاوە سیاسی و سەربازی و ئیداری و سەرجەم کێشە مەیدانیەکان لەعێراقدا . ڕەنگە هەنگاو باسکردن لەو شێوەیە یەکگرتن و پێکەوە هاوپەیمانیەتیە بۆ کاری سیاسی لە عێراقدا یەکەم جاری نیە بەڵکو پێش هەڵبژاردنەکان و پێش تر چەند هەوڵی لەم شێوەیە هەبوون ئەو لایەن و حزبە سیاسیانەی ئێستا ئامادەن یان ڕەزامەندی و خۆشحاڵی خۆیان نیشان دەدەن هەر ئەوانە بوون کە پێشتر ئامادەنەدەبوون و لەئامادەبوونەکانیشیاندا ڕێک نەدەکەوتن , چونکە داواکاریەکانی کوردیان لاپەسەند نەدەبوو و بۆیان هەرس نەدکرا .

ئەوەی گرنگە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین کە بۆ لەکاتێکی وەک ئێستادا ئەم هەنگاوە زیندوو بووەوە و هەموو پێکەوە ڕەزامەندی و خۆشحاڵی دەدەبڕن بەڵام هەندێکیان هێشتا مەرجیان هەیە . دوای ئەوەی کە ئەمریکا لەسیاسەتی مەیدانی داو لە گۆڕەپانی کارکردن و چەسپاندنی هێزی خۆیدا کەوتە بەربەربەستێک و خۆی لەگێژاوێکی سیاسی سەبازی دا دیەوە کە هەموو ئەو پێش هاتانەی کە بەحساباتی خۆیان کاریان لەسەر دەکرد بە قسەی گەورە بەرپرسانی خۆیان شکەستی خۆیانیان ڕاگەیاند و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا هانا بۆ ئەو لێژنەی بێکەر- هاملتۆن بەرێت یان بەواتایەکی دی لایەنی دیموکراتەکان لە ئەمریکا بەشداربکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک یان هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەو شکەستە و پاشان ڕەفتارکردنێکی نوێ بۆ خۆڕزگارکردن لەو گێژاوە .. بێ گومان زۆر باس لەسەر ئەو ڕاسپاردانەکران و پاشان ئەوەش بۆ خۆی هەموویان بەو ئاساییە جێبەجێ ناکرێن چوونکە لەبری ئەوەی ئەمریکا لەگێژاو ڕزگار بکات بەڵکو دەیخاتە گێژاوێکی ترەوە و بەپێی ئەو هەواڵانەی کە سەرۆکی ئەمریکا لەم چەند ڕۆژەدا بەبەردەوامی لەگەڵ گەورەبەرپرسانی سیاسی و سەربازی بەهەموو شێوەیەک لەگفتوگۆ لێدوان دایە تالەو گێژاوەی دووەمیش خۆیان دەرباز بکەن .

ئەمەش دووبارە دەرگایەکی تری بۆ سیاسەتمەدارو لایەن و کۆمەڵەسیاسیەکانی عێراق بەکورد و شیعەی و سننونەوە دروست کردەوە تەنانەت کەمەنەتەوایەتیەکانیش نیگەرانی خۆیان ڕاگەیاند .. بەواتا چەندە ئەمریکا بەپەرۆشە ئەوەندەش عێراقیەکان بۆ خۆڕزگارکردن و بەدەرچوون لەو گرفتانە .. دروست بوونی بەرەیەکی بەرفراوان کە هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی کە ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی دا کاران و ڕێگای دیاری خۆیان هەیە تا بتوانن وولات لەم ئاستەنگە سەختە بەرەو ئارامی بیەرێننەوە , بەڵام گرفتەکان زۆر لەوە گەورەترن کە ئەم لایەن و کەسایەتیانە ئەم کارە گەورە بەئەنجام بگەیەنێن چونکە لەسەرەتای کارکردنەوە سەرجەمی هەنگاوەکان لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان نەبوون و هیچ بنەمایەکی سیاسی پتەو نیشتمانیان پێوە نەبووە ئەمە وەک سەرجەمی عێراق .. کە ئەوەی بەشێوەی سەرەکی دەستی لەم شێواندنەدا بووبێ ئەمریکاو هاوپەیمانانی بە گرتنە بەری ڕێگاچارەی هەڵەو ماڵەکردنێکی نەزانانە چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ کورد کرد بەوشێوەیەش لەگەڵ عەرەب .. مەبەست ڕەفتاری سیاسی لەگەڵ کورد چونکە لەسەرەتاوە بۆ دڵ گران نەبوونی ئەم و ئەو هەمیشە کوردیان هێوردەکردەوە .

ئەمە لەلایەک .. کورد لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیەوە هەمیشە دەم کوت دەکرێ و ناهێڵرێ بەتەوای داوای مافەکانی خۆیی بکات چونکە برا عەرەبەکان پاڵەپەستۆیی خوێن دەیان گرێ تورکەکانی برامان بەهەمان

شێوە و ئەوە دراوسێکانکمان و دەوڵەتانی عەرەبی کە بەهەزار حاڵ ناویشمان دەزانن بەلاّم دەستی ناڕەزایی و نەبەخشینی ئەو مافە بەکورد هەمیشە بەرزە وەک مافی باوکیان بێت و پێمان ڕەوانەبینن ..

عەرەبەکانی سوونە دوای ئەوەی کە خۆشحاڵی خۆیان نیشان و لەو ڕێگایەشەوە ئەو تۆپەیان لەمەیدانی خۆیانە هەڵدایە مەیدانی کوردەوە چونکە ئەوان بەئاشکرا باسیان لەسەر ئەوە کرد کە هەموو هەنگاوێک بۆ ڕزگار کردنی عێراق لەگرفتی تایفەگەری و ئەم کێشە هەنووکەییانە لەگەڵی دان و هەمیشەش ئەمە هەڵوێستیان بووە و ئەوان هیچ هێڵێکی سووریان نیە .. ( واتە کورد هێڵی سووری هەیە ) .

لەسەر ڕۆشنایی ئەو قسانە دەڵێم کورد ئەو هێڵە سوورانەی چی لێدەکات و چۆن ئەو مافە نەتەوایەتیە چارەنووسازیە بۆ گەلێک کە چەندین ساڵە قوربانی دەدات و خۆێن دەڕژێ لەو پێناوەدا و ئەمڕۆ بۆ ڕزگار کردنی عێراق ئەو مافانە لەبیربکرێن یان دووا بخرێن وەک چۆن خەونی نەتەوایەتیمان لە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی هەمیشە لەدواخستن دایە و بەترسەوە باسی لەسەردەکەین . کەواتە هەندێ لەو خالاّنەی کە ئێمەی کورد بەهێڵی سوور ناویان دەبەین ئەو خالاّنەن کە لەدێرزەمانەوە نەمان توانیوە دانووستاندن و ڕێکەوتنەکانمان بەئەنجامی دوای بگەن چوونکە چۆن بۆ ئێمە دەبنە هێڵی سوور بەهەمان شێوە بۆ ئەوانیش هێڵی سوورن .

ئەم بەرە سیاسیە بریتیە لە کورد واتە پارتی و یەکیەتی و ئەنجومەنی بالاّی شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق و بەرەی تەوافقی سوننە و لیستی عێراقیەی ئەیاد عەلاوی و وابڕیارە حزبی دەعوەش لەخۆبگرێ و لەوانەیە بۆ ئایندە ئەگەر دەانوستاندنەکان بەئەنجام گەیشتن ئەوە هەندێ لایەنی دی بۆزیاد بکرێ ,, کەواتە کەسێکی تر لەدەرەوەی مەیدانی سیاسی ئێستای عێراقی تێدانیە و هەر ئەوانەن کە لەپەرلەمان و حکومەتدا پێکەون و پێک نایەن و دژی یەک کاردەکەن و هۆکارو پالّپێوەنەری سەرکیشن بۆ ئالّۆزی بارودۆخەکانی عێراق کەواتە ئەبێ دەرنجامی ئەو یەکگرتنە چی بێت و عێراق بەرەو کوێ بەرێت ..؟ تاچەند ئامانجە کوردیەکان دەپێکێ چونکە هەنگاوێکی لەم چەشنە بۆ ڕزگار کردنی عێراقە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەن کە لای عەرەبەکانی شیعەو سوونە وئەو لایەن و گروپانەی کە دژی ئەم پرۆسەیەن کە ئێستا هەیە .

ئەو عەرەبانەی کە دژی خواستەکانی کورد یان دژ بە کارو بەرنامەی حکومەتی عێراقن و لەگەڵ ئەوەش دا بەشداری پرۆسەکەیان کردوە بەلاّم بەرهەڵستکارن , ئەوانە هەمان هەڵەوێستیان دەبێ و لەوانەیە گۆڕانیشی بەسەردانەیەت . عەرەبی شیعە ئەو گرفت و ناکۆکیانەی کەلەنێوان خۆیاندا هەیانەوە و ناتوانن یەک بیرو ڕا ڕووبەڕووی کێشەکانیان بنەوە لەگەڵ ئەوەی کە شەرێک یان هێزێک هەیە دژ بەشیعە دەجەنگێت . پاشان گیانی بەگەورەزانین و زۆرینە لەووڵات کێشەیە شیعەی تێکەتووە و هەمیشە خۆیان بە زۆرینە و لەپێشەوە دادەنێن .

ئیسلامیەکان چ عەرەب بن یان کورد بەبیروڕایەکی تایبەت لە مەسەلەکان دەڕوانن دوور لەفکری نەتەوایەتی واتە ئەوان لەگەڵ تێکەڵ کردنی یاساکانی ئیسلام بە یاسایی حکومەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە بۆ خۆیی لەگۆڕەپانی مەیداندا گرفتێکی زۆری ناوەتەوە و زۆر لەو گروپانەی کە هیچ مافێکیان بەئیسلامەوە نیە و لەژێر ئالاّی ئیسلامدا هەموو شێوە ڕەفتارێک دەکەن کە دژ بە ئیسلام و مرۆڤایەتی و ئەمەش وایی کردوە زۆر بەگرفت بتوانرێ جیاوازی لەنێوان ئەمانەدا بکرێت و لێک جیابکرێنەوە وەک ئەو شێوە ڕەفتارانەی ڕۆژانە لەناوچە جیاجیاکانی عێراق دا دەیبینین لە تەقاندنەوەی نانەواخانەوە سەرتاشخانەوە و سالۆنی ژنان و بێ حیجابی و مەشروب خواردنەوە و تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ڕادەی کە خەیارو تەماتە قەدەغەیە پێکەوە دەابنرێ لە دوکانێکی سەوزە فرۆشدا بۆ فرۆشتن چونکە ئەوە نێرە و ئەوی تر مێ یە .. ئەوەی تەقاندنەوەو فڕاندەن و کوشتن و سەربڕین بەولاوە .

ئەمریکا و ڕەزامەندی بەم شێوە کارە لەو ڕوانگەیەوە دێت کە دەنگی ناڕەزایی بەشێوەیەکی زۆر لەوراپۆرتە بەرزە لەهەموو لایەکەوە و جۆرج بۆش لەم میانەدا دوای ئەوەی چاوی بە عەبدل عزیز ئەلحکیم کەوت و

وابڕیارە چاوی بەتارق ئەلهاشمیش بکەوێ تەنها بۆ ئەوەی کە ڕازی بکرێن بۆ ئەم شێوە کارانە و پاشگەزبوونەوەیان لە زۆر لەو هەڵوێست و داواکاریانەیان کە هەیانە , وابزانم کورد لێرەدا تەرکە وەک چۆن بێکەرو هاملتۆنی برای تەرکیان کرد , لەوانە دەبینین مەسەلەی فدرالیەتی شیعەکان بێدەنگ بووە و باسی لەسەر ناکرێ و ئەوش لەڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن دا هاتووە کە ئەو شێوە هەنگاوە گرفت لە عێراق دا زیاتردەکات بەوشێوەیە باسی لەسەرکراوە بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەکورد بدرێت . کەواتە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی و هێورکردنەوەی بارودۆخەکان و کەم کردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە لەناخۆی وولات دا لەسەر کۆماریەکان تارادەیەک کەم بکرێتەوە ئەگەر لەسەر حسابی گەلی عێراقیش بێت . کەواتە هەنگاوێکی لەم چەشنە ئەگەر بەخواستی هەموو لایەک نەبێت بەڵام ناچاری و ترسان لەهەڵدێری و ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکان و لەدەست دانی ئەوەی کەهەیە هۆکارێکە وای لەهەموو لایەک کردووە بەم شێوەیە بیربکەنەوە . کەواتەلەسەر حسابی یەکتر و پەڕینەوە بەسەر یەکتردا تا وولاتێکی عەربی بەرەو کەناری ئارامی بەرین . بێگومان بەڕۆخان و نقوم بوونی ئەو کەشتیە کوردیش ئەگەر دەستی لەدەستیاندا بێت ئەویش نوقم دەبێت . چونکە هەموو پێک گەیشتن و ڕێککەوتنێک زەرەرێکی تری کوردە , بەوشێوەی کە لەسەرتاوە ئاگاداری هەموو قۆناغەکان بووین هەموو بەرپەستێک لەدانیشتنەکان و دواتر دابەزین لەومافانە زەرەری کوردبوون و دەرەنجام نەکێشەی کەرکوک و ئەو ناوچانەی کە لەژێردەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دانین و پاشا وا گرفت بۆ سەروەت و سامانە نیشتمانیەکاان دروست دەکەن , باکێشەی سووتەمەنی و بوودجەی حکومەتی هەرێم و مەسەلەی کارەباو چەندین گرفتی تری ئیداری و سیاسی و ئابووری و زۆر گرفتی کۆمەڵایەتیش کە وورده وورده بۆمان دروست دەکەن و تەنانەت دەست لەکۆمەڵگاش وەردەدەن هەموویان بێ چارەسەر ماونەتەوە .

ئەوەندی بیر لەناوەڕۆک و لایەنە باش و خراپەکانی ئەم شێوە کارکردنانە بکرێنەوە بێگومان لایەنی سلبی و زەرەرمەند بۆ کوردو کێشە نەتەوەییەکەی زیاترە لەوەی لەبەرژەوەندی , ئەو هەنگاوانەش ئەمڕۆ لەژێر زۆر ناوی جیاوازۆ سەیرەوە کاریان بۆدەکرێ و ئاکامەکانیان بەپێچەوانەوە دەردەچن .

ئەم چارەش ئەگەر ڕێککەوتن و گەیشتن بە ئەنجامێک دڵنیابن خواست و داواکاریەکانی کورد بۆ ئایندەیەکی تری نادیارو بێ کات دیاری کراو دوادەخرێت و کورد دەبێتەوە پردێک عێراقی عەرەبی لەسەر دەپەڕێتەوە و خواست مافەنەتەویەکانمان لەبیردەکرێن و پشتگوێش دخرێن وەک چۆن ئێستا بەرۆژی نیوەڕۆ پشتگوێ خراون و دانیان پێدانانرێ .

بۆیە کورد لەبری ئەوەی خۆیی بکاتە قوربانی بۆ ڕێکخستنەوەو دروست کردنەوەی عێراقێکی بەهێزو خاوەن دەسەڵات , ئەوکات نەتوانین مافەکانمان نەک داوابکەین بەڵکوباسیان لەسەربکەین , بائەوەندە گرفتەکانی خۆمان چارەسەربکەین بەهەزارەها گرفت و کێشەی ئیداری و سیاسی و خزمەتگوزاری و داواکاریەکانی جەماوەر دابین بکەین و خۆمان بەجۆرێک ڕێکبخەین کە ئەوانەی بەبینینی ئێمەی کورد چاویان بەرایی نایە , هیچیان بەرامبەرمان پێ نەکرێت و پلانەکانیان پوچەڵ کرێنەوە .

دواتر دەڵێم ئەوەی ئەمڕۆ بەدی دێت و ئەوەی هەنگاوی بۆدەنرێت هەنگاونانە بۆ وون بوون دورخستنەوەی ئایندەیی مافەنەتەوییەکانی کورد هەنگاو نانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی عێراق نەک گرفتی کورد , دوبارە بوونەوەی ئەو پردەیە کە بەئێمەی کورد دروست دەکرێت و عەرەبی عێراقی بەسەری دا دەپەڕێتەوە , ئەم بەرە نوێیە جارێکی تر بەزەرەر لەسەرحسابی کورد دەشکێتەوە و باجەکەشی جەماوەر دەیدا .